# وریابن لە زۆر سوێند خواردن (بە خوای گەورە) لە کاتی فرۆشتندا، چونکە شتومەکە (دەفرۆشێت) بەڵام (بەرەکەت وپیرۆزی لە داهاتەکە) دەسڕێتەوە

لە ئەبی قەتادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «وریابن لە زۆر سوێند خواردن (بە خوای گەورە) لە کاتی فرۆشتندا، چونکە شتومەکە (دەفرۆشێت) بەڵام (بەرەکەت وپیرۆزی لە داهاتەکە) دەسڕێتەوە (نامێنێت)».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

مانای فەرموودەکە: ئاگاداری زۆر سوێند خواردن بن لە کاتی کڕین وفرۆشتندا ئەگەر ڕاستگۆش بن؛ چونکە زۆر سوێند خواردن هۆکارە بۆ درۆکردن، بۆ نمونە دروست نییە مرۆڤ بڵێت: والله بە سەد کڕیم ئەگەرچیش ڕاست بکات، وئەگەر بە سەد نەیکڕی بێت وبە هەشتا بێت ئەوا ئەمە ترسناکترە، چونکە لێرەدا بە درۆوە سوێندی خوارد، وپێغەمبەر -صلی الله عليه وسلم- نەهی لەمە کردووە، وباسی ئەوەی کردووە کە سوێندخواردن لە کڕین وفرۆشتندا هۆکارە بۆ کڕین یان فرۆشتنی شتومەک، پاشان خوای گەورە بەرەکەت وپیرۆزی لەو شتومەکە یان داهاتە ناهێڵێت؛ چونکە ئەمە دەستکەوتە -داهاتە- لەسەر سەرپێچیکردنی فەرمانی پێغەمبەری خودا -صلی الله عليه وسلم- بنیات نراوە وسەرپێچیکردنی فەرمانی پێغەمبەر -صلی الله عليه وسلم- وەکو سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی-.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8958

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee